# بۆچی کوڕ و کچ لەیەک ناچن؟

**وەڵام:** کوڕ کە گەورەدەبێت، دەبێت بە پیاو، کچیش دەبێت بە ژن. پیاو و ژن پێکەوە دەتوانن منداڵ دروستبکەن، بەڵام لەبەرئەوەی پیاو و ژن دوو ڕۆڵی جیاوازیان لە دروستکردنی منداڵدا هەیە، شێوەی لەشیان جیاوازە و لەیەک ناچێت. بۆیە کوڕو کچیش لەیەک ناچن.



## نێرە و مێیە



**شێر:** شێرێکی نێرو شێرێکی مێ. شێری نێر قژنە.



**قالۆنچە:** قالۆنچەی نێر شاخی هەیە.

# جیاوازیی نێوان پیاو و ژن




پیاو دەنگی گڕدەبێت.

ڕیش و سمێڵی لە دەمووچاوی دەردەکەون.

ماسولکەکانی گەورەتردەبن.




دەنگی ژن ناسک دەبێت.

سنگیشی گەورەتردەبێت.

لەشی خڕتردەبێت.



## بۆ دایک و باوک

جیاوازیی لەنێوان نێرو مێ، لەناو زۆربەی گیانلەبەراندا، هەیە. زۆرجار ئەو جیاوازییانە لە گیانلەبەری تەمەن بچووکدا نابینرێن، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەوانیش گەورەدەبن. هەموو کات ئەندامی زاووزێی نێر لە هی مێ جیادەکرێتەوە، ئەمەش جیاوازیی «بەرایی» نێوان ڕەگەزەکانە. بەڵام بەزۆریی دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو جیاوازییانەی پێیاندەوترێت «تایبەتمەندییە ڕەگەزییە دووەمینەکان»، نێرە لە مێیە جیابکرێتەوە. قژەسەری شێر، شاخی ئاسک و کلکی گەورەی تاوسی نێرە، باشترین بەڵگەی ئەو تایبەتمەندییە ڕەگەزییە دووەمینانەن.